# مەحەمەد خەلیفە ئەلعرێبی سەرۆکی دادگای سەددام:

## (نەک تەنها عەلی کیمیایی، ئەوەی کوردێکی کوشتبێ دادگایی دەکرێت)

**مەهاباد قەرەداغی - هەولێر**



سەددام حسێن لە دوارۆژەکانی ژیانیدا پەیامێکی کورتی بۆ دەنووسێ و دەڵێ (زۆر ڕقم لێتە و نامەوێ ئیتر بتبینم و نایەم بۆ دادگا)، بەڵام ئەم هەر سوورە لەسەر ئامادەبوونی سەددام تا دوا دانیشتنی دادگا. کەس نییە دیمەنی یەکەمین دەرکردنەدەرەوەی سەددامی لە هۆڵی دادگاوە لە لایەن مەحەمەد خەلیفە ئەلعرێبی سەرۆکی دادگاوە لە شاشەی تیڤییەکانەوە نەدیبێ، کە لە یەکەمین ڕۆژی دەستبەکاربوونی بوو وەک سەرۆکی دادگا، کە ڕووبەڕووی پەلاماری جنێوەکانی سەددام بووەوە. بەو ئاکارەی کەسایەتی بەهێزی خۆی وەک دادوەری دادگایکردنی دیکتاتۆرێک سەلماند و بەوەش جەماوەرێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد.

قازی مەحەمەد خەلیفە بەهۆی ئەم پۆستەیەوە نە لە بەغدا و نە لە هیچ شوێنێکی دیکەی عێراق ناحەسێتەوە و لە مەترسیدا دەژی، بەڵام کە جار جار بۆ کاروباری پەیوەست بە کەیسی ئەنفال دێتە کوردستان، بە ڕێز و خۆشەویستی گەمارۆ دەدەرێ و هەر ساتەی سەدان کەس سڵاوی لێدەکات و ستایشی دەکات و وێنەی لەگەڵ دەگرێت. کوردەکان بە کاک مەحەمەد بانگی دەکەن و خۆیشی ئەوەی زۆر پێ خۆشە. لەناو هاوەڵە کوردەکانیدا هەست بە شادی و دڵنیایی تەواو دەکات.

دوای برینەوەی سزای ئیعدام بەسەر دیکتاتۆری عێراق لە لایەن دادوەرێکی کورد (ڕەئوف ڕەشید)ەوە، نەتەوەیەک چاوەڕوانی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانە بۆ سزادانی عەلی کیمیایی و چەند تاوانبارێکی دیکە بۆ جینۆسایدی میللەتی کورد. دوای ئەو هەڵە گەورەیەی کە حاکم

عەبدوڵڵا عامری سەرۆکی پێشووی دادگا لە کەیسی ئەنفال کردی و بە سەددام حوسێنی گووت: (تۆ دیکتاتۆر نیت)، بەوەش هەستی ملیۆنان قوربانی کورد و عەرەبی بریندار کرد، لە پۆستەکەی لابرا و قازییەکی گەنج سەرۆکایەتی دادگای باڵای تاوانەکانی پێسپێردرا، ئەویش قازی مەحەمەد ئەلعریبی بوو، کە لە 21-9-2006 ، پۆستی سەرۆکایەتی دادگای باڵای تاوانەکانی پێ سپێردرا و بەخت ڕۆڵێکی مێژوویی پێ بەخشیوە کە ببێتە ویژدانی میللەتێکی جینۆسایدکراو و لە چارەنووسی سەد و هەشتا و دوو هەزار کوردی زیندەبەچاڵکراو و بێسەروشوێنکراو بکۆڵێتەوە و، تاوانبارانی کۆکوژییەکان بە سزای ڕەوای خۆیان بگەیەنێت.
ڕەنگە هەموو کەسێ پێی خۆش بێت بزانێ ئەم پیاوەی کە ئیتر نازناوی حاکمەکەی سەددامی بۆ بڕواتەوە و بووەتە ئەستێرەیەکی ئاسۆی یاسا و دادپەروەری، سەرەتاکانی ژیانی چۆن بووە و لە کوێوە هاتووە و چ کارە بووە.

محمد خلیفە العریبی، لە دایکبووی ساڵی 1969 ی بەغدا، گەڕەکی کەڕادەیە. بەڵام لە ڕەسەندا بنەماڵەکەیان یەکێک لە دوو بنەماڵە ناودارەکانی ئەهوارەکانی میسان (عمارە)ن. باپیری کە بە مەجید خەلیفە ناسراوە، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووە لە سەردەمی پاشایەتی.

لە ساڵی 1987 لە کۆلێجی یاسا وەردەگیرێت و لە 1992 تەواوی دەکات. لە 3-10-1992 وەک هەر دەرچوویەکی زانکۆ، دەست دەکات بە پیشەی پارێزەری و، لە 14-9-1998 لە پەیمانگای قەزائی وەردەگیرێت و خوولی ژمارە 23 ی ئەو پەیمانگایە تەواو دەکات. لە 23-9- 2000 دا بە مەرسومێکی جمهوری دەبێتە قازی.

پێش ئەوەی ئەم ڕۆڵە مێژووییەی پێ بسپێردرێت، لە چەند شوێنێکی دیکە کاری کردووە، لەوانە لە 4-11-2000 لە دادگای بەرایی الشامیە لە پارێزگای دیوانیە قازی بووە و، دواتر لە 26- 11-2000 تا 17-6-2000 بووە بە قازی لێکۆڵینەوەی دادگای دیوانییە و تا 17-6-2001 بەردەوام بووە لەو کارەدا.

هەر لە دیوانیە، لە 17-6-200 دەبێت بە دادوەر لە دادگای باری کەسێتی، تا ڕێکەوتی 13-12-2003، هەر دوای ئەوە دووبارە دەبێتەوە بە دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی دیوانیە و لەوێشەوە فەرمانی گوێزانەوەی دەدرێت بۆ دادگای بەرایی لە ئەبوغرێب.
لە 1-8-2004 فەرمانی دامەزراندنی لە دادگای باڵای تاوانەکان بۆ دەردەچێت وەک دادوەری لێکۆڵینەوە و لە ڕۆژی 19-8-2006 یشدا بوو بە یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دووەمی تاوانەکان لە دادگای باڵای تاوانەکان. لە ڕۆژی 21- 9- 2006 یشدا بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکان، پێی نایە نێو مێژووی داد و دادگەری.

لە یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربانندا، سەددام بە سزای خۆی گەیشت و لە سێدارە درا، ڕۆژی یەکەمی دادگا لە پاش مەرگی سەددام، دادوەر کورسییەکەی ئەوی بە بەتاڵی هێشتەوە، کورسییەکی بەتاڵ کە میراتی دیکتاتۆرێکە. لە ڕۆژی دووەمدا کورسییەکەی درا بە عەلی حەسەن مەجید، چونکە جگە لەتاوانەکانی خۆی وەریسێکی شەرعی سەددامیشە و ئەو میراتییەی پێ دەبڕێت. عەلی کیمیایی، خۆی دەزانێت چی کردووە، بۆیە لەبەرامبەر بەڵگەکانی ئیدانەکردنیدا دەستەوەستان ڕاوەستاوە و لە دەروونەوە داڕووخاوە و چاوەڕوانی سزا دەکات.

لەبەر ئەوەی هێشتا پرۆسەی دادگایی لەسەر کەیسی ئەنفال بەردەوامە، وەک پرنسیپێکی پیشەیی قازی مەحەمەد خەلیفە لەو بارەیەوە تا دادگاییەکەی ئەنفال تەواو نەبێت، بۆ هیچ ڕۆژنامەیەک نەدواوە و نادوێت و لەسەر ماجەراکان هیچ نادرکێنێ، وەلێ ئەم جارە بۆ یەکەم جارە بۆ ئێمە لەسەر ژیانی خۆی دووا و وەڵامی پرسیارە گشتییەکانی دایەوە. لەم دانیشتنەو چەندانی دیکەش کە لە ڕابردوودا لەگەڵ ئەم بەڕێزە و قازییەکانی دیکەی دەستەی دادگاوە هەمانبووە، توانیمان بڕێک زانیاری بۆ میدیای کوردی هەڵکڕێنین. جگە لە سەرۆکی دادگا، لە ڕێگەی حاکم عارف عەبدلرەزاق، بەڕێوەبەری مەحکەمەوە هەندێ زانیاری و وردەکاریمان زانی و هەندێکی دیکەش لە پشتی قسەکانیانەوە دەرک پێ دەکەین.

پرۆسەی دادگاییکردن لە کەیسی ئەنفال بەرەو کۆتایی دەڕوات و لە ئێستادا ئەو شاهێدانەی کە لە بەرژەوەندی تاوانباران قسە دەکەن نۆرەیان پێدراوە، بەڵام شاهێدییەکانیان لاوازن و بایەخێکیان نییە و باری تاوانباران سووک ناکەنەوە. هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە تاوانباران تانەی تەزوویربوونیان لێ دابوو، لە لایەن پسپۆڕ و شارەزایانەوە پشکنراون و دەرکەوتوون هەموویان ڕاستن، بۆیە پرۆسەکە چەند دانیشتنێکی دیکەی ماوە و کۆتایی پێ دێت و بڕیاڕی مەحکەمەی بەدوادا دێت بۆ سزادانیان. ئەو بڕیارەی کە هەموو کوردێ لە کوردستان و لە هەموو کون و کەلەبەری جیهان، چاوەڕوانی دەکەن.

(نەک تەنها عەلی کیمیایی، ئەوەی کوردێکی کوشتبێت دادگایی دەکرێت.) ئەمە وەڵامی قازی مەحەمەد خەلیفە بوو بۆ پرسیارێکی ئێمە لەبارەی هەندێ کەسەوە کە لە ساڵی هەشتاو هەشتدا بەرپرس بوون و ڕاستەوخۆ بە تاوانی جینۆسایدی گەلی کوردەوە گلاون، بەڵام هێشتا نەک بە سزای خۆیان نەگەیشتوون بەڵکە ئازادن و دیسانەوە کراون بە بەرپرس. بێگومان ئەم قسەیە دەبێت واش لێکبدرێتەوە کە کەسێکی وەک (وەفیق سامەرائی)یش دەگرێتەوە کە لە سەردەمی ئەنفالدا بەڕێوەبەری هەواڵگری عێراق بووە و لە دیکۆمێنتەکانی ناو دادگاشدا چەندان جار ناوی هاتووە و، تاوانبارانیش ددانیان بە بەرپرسیارێتی ئەو ناوە لەو تاوانانەی کراوە. شایەنی گووتنە کە ئەو تاوانبارە تا ئێستا نەگیراوە و ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی کۆماری عێراقە بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام بەو پێیە بێت پێویستە ئەویش وەک هەر تاوانبارێکی دیکە ڕاپێچی زیندان بکرێت و بە سزای خۆی بگات.
بە پێی ئەو ئاماژەیە دەشێ ئەو موستەشارانەش کە سەددام ناوی بردوون و، تاوانبارانی دیکەش ددانیان پێدا ناوە کە کەوا سووری بەر لەشکری ئەنفال بوون، بدرێنە دادگا و بە سزای خۆیان بگەن. بە پێی ئەو زانیارییانەی لە بەڕێوەبەری دادگاوە وەرمانگرت، نزیکەی پەنجا موستەشارێکی کوردیش ناویان براوە کە دەستپێشخەر بوون لە پەلامارەکانی ئەنفالدا. بە پێی ئەو ئاماژەیە، ئەمانە لە هەرکوێ بژین ، تەنانەت لە هەندەرانیش لە ڕێگەی دەزگای پۆلیسی نێونەتەوەیی (ئینتەر پۆڵ) دەهێنرێنەوە و دەدرێنە دادگا. جگە لە ددانپێدانانەکانی سەددام و عەلی کیمیایی و هاشم سوڵتان و ئەوانی دی، پێویستە بەڵگەش بۆ ئیدانەکردنی ئەوان هەبێت، چونکە بە پێی هەندێ لە شاهێدەکان، هەندێ لە موستەشارەکان ژیانی کەسانێکیشیان ڕزگار کردووە و لە شاڵاوی ئەنفال پاراستوویانن.

دوای تەواوبوونی دادگایی کەیسی ئەنفال، نۆرەی کەیسی ڕاپەڕینی شەعبانیەیە، لە دوای ئەوەش کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان و زیندانەسیاسییەکانی حیزبەکانی عەرەب و حیزبە کوردییەکان نۆرە دەکەن. کە بۆ کەیسی کوردەکان دادوەری عەرەب و، بۆ کەیسی عەرەبەکان دادوەری کورد دادەنرێت. ڕەنگە لە کەیسەکانی تری کورددا هەر قازی مەحەمەد عرێبی دادوەری بکات. بەم پێیەش بێت، ئەم دادگایە ساڵانێکی دوور و درێژ لە تاوانەکانی حیزبی بەعس دەکۆڵێتەوە، ئەو تاوانانەی کە هێندە زۆرن نە سەرەتایان هەیە و نە کۆتایی.

کەسێک کە گرنگە لەم بابەتەدا لە بیر نەکرێت، دامەزرێنەری مەحکەمەی باڵای تاوانەکان و داڕێژەری یاساکەیەتی، ئەویش د. سالم چەلەبی یە، کە پارێزەرە و ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا دەژی و، پێشتر لە ئەمریکا خوێندویەتی. ئەویش لەگەڵ قازییەکاندا میوانی هەولیری پایتەخت بوو.
د. سالم تەنانەت پێش ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام یاساکەی نووسیبووە و ئامادەی کردبوو، دوای ڕووخاندنی ڕژێم و لە سەردەمی مەجلیسی حوکم، کرا بە سەرپەرشتیاری دەستەی دامەزرێنەری دادگاکە.